# زانین و دەسەڵات:
# خوێندنەوەی فوکۆ وەك خۆی

د. کەمال میراودەلی

## بەشی چوارەم

### نووسەرو کارەکەی

بابڵێین فوکۆ لە کارەکانیدا دەردەکەوێ، لە نێو دێڕەکانیداو پەرەگرافەکانیدا، لە بەند بەندی کتێبەکانیدا، ئاخری فەساڵ یان فەساڵە جیاجیاکانی فوکۆ خۆیان نیشان دەدەن.

لەمەشدا فوکۆ خۆی تەواو لەگەڵمان نییە. لە وتارەکەیدا: نووسەر/ دانەر چییە؟ فوکۆ باوەڕی وایە ئەرکی ڕەخنە ئەوە نییە کە پێوەندی کارەکە بە نووسەرەکەیەوە ئاشکرا بکات، بەڵکو ئەرکەکەی ئەوەیە کارەکە لە ڕێگای ستراکتورەکەیەوە، ئارکیتێکچەرەکەیەوە، شێوە شاراوەیەکەوە، یاری پێوەندە ناوەوەییەکانییەوە، شی بکاتەوە. (1986a, 101). بەڵام ئەم بۆچوونەی فوکۆ زیاتر دەستنیشانکردنی ئەرکی لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی یە، نەك ڕەتکردنەوەی هەموو جۆرە پێوەندییەکی خۆیی یان ئەزموونە تایبەتی و هۆشکارییەکانی نووسەر بەکارەکەیەوە.

فوکۆ بە ڕوونی و زیاتر لە یەك نووسیندا پێوەندی بیروکارەکانی خۆی بە ئەزموونە کەسییەکانی خۆی روون دەکاتەوە. دەنووسێ: ( هەر کاتێ ویستبێتم کارێکی تیۆریی ئەنجام بدەم، هەمیشە لەسەر بنچینەی ئەزموونی خۆم بووە، هەمیشە بە پێوەندی لەگەڵ ئەو پرۆسانە بووە کە دەمبینین و لەو دامودەزگایانەی هەلسوکەوتم لەگەڵدا دەکردن، لە پێوەندیم بە کەسانی دیکەوە ئەو کەلەبەرو سەرسامییە بێدەنگانەو لەکارکەوتنانەم دەناسینەوە.. هەڵدەستام کارێکی تایبەتیم ئەنجام دەدا، لەت و پەتی بایۆگرافی).[ Eribon, D. 1991, 12]

ئەمە کلیلێکی گرنگە بۆ کردنەوەی قفڵی کارەکانی فوکۆ، بۆ بینینی فوکۆ لە پەنجەرەی کارەکانییەوە. ئەوەی فوکۆ لێرەدا دەیڵێ، درووست بوونی (خود) و ( دەربڕینی خود) نییە. ئەو باسی خۆی و خۆیەتیی ناکات، ئەو باسی پێوەندی ئۆرگانی خودو بابەت، یان ئاوێنە کردن و رەنگپێدانەوەی دەوروبەرو واببو (ریالیتی) ناکات. ئەو تەنیا باسی هۆشیاریی خۆی دەکات دەربارەی ئەو دەوروبەرەی تێیدا دەژی و پێوەندی خۆی بەو دەوروبەرەوە، بەو دامودەزگایانەی کاریان تێدا دەکات، یان هەڵس و کەوتییان لەگەڵدا دەکات. لە هەموو ئەمانەدا فوکۆ شتێك یان دیاردەیەکی تایبەتی دەدۆزێتەوە: کە ئەوانە ئەوان نین!! ئەوان چییەتی و خۆیەتی خۆیان نییە، بەڵکو زمانحاڵی دەزگاکان و زانگەکانن، یان رواڵەتی ریزبەندێك، ئۆردەرێکن، کە هەیە: لەسەررووبانەوە. مرۆڤ گەمارۆدراوێکە بەخۆی بزانێ یان

نەزانێ. دۆزینەوەی چییەتی و چۆنیەتییەکەی دەبێتە خولیای فەلسەفیی و سیاسیی فوکۆ.
لە چاوپێکەوتنێکی گرنگدا کە تەنیا دووساڵ بەر لە مردنی لە 20 ی ئۆکتۆبەری ساڵی 1982 دا لەگەڵیدا کراوە، فوکۆ راستەوخۆترو ئاشکراتر پێوەندی ئەزموونە کەسییەکانی خۆی بە سەرجەمی کارەکانییەوە ڕوون دەکاتەوە. لە وەڵامی پرسیارێکدا کە وا دەردەکەوێ هەموو کارەکانی فوکۆ جۆرە خرۆشێکی سۆزبەندیی عاتیفی شاراوەیان تێدا بێ، دەڵێ: [هەریەك لەکارەکانم بەشێکە لە بایۆگرافیای خۆم لەبەر ئەم هۆ یان ئەو هۆ، من ئەو دەرفەتەم هاتە پێش هەست بەو شتانە بکەم و لەگەڵیاندا بژیم. بانموونەیەکی سادە وەربگرین: من لە ساڵانی 1950 دا لە خەستەخانەیەکی سایکیاتزی کارم دەکرد. دوای ئەوەی فەلسەفەم خوێند، ویستم بزانم شێتی چییە. من ئەوەندە شێت بووم کە عەقڵ بخوێنم، ئەوەندەش هۆشمەند بووم کە شێتیی بخوێنم. من ئەو ئازادییەم هەبوو لە لای خەستەخانەکانەوە بۆ لای ئاگاچییەکان بچم چونکە ئەرکێکی دیاریکراوم نەبوو. ئەوسا سەردەمی باوبوونی نەشتەرگەریی ئەعساب بوو neurosurgery، سەرەتای سایکۆفارمەسۆجی بوو. بەرێوەبەردنی دەزگاکە شێوەی کۆنباو ( ترادیشنەل) بوو. یەکەم جار شتەکانم وەك پێویست قبووڵ دەکردن. ئەوسا دوای سێ مانگ (من دەبەنگم!) پرسیم پێویستی ئەم شتانە چییە؟ دوای سێ ساڵ ئەو وەزیفەیەم بە جێ هێشت و لە حاڵەتی نائاسوودەییەکی کەسیی زۆردا چووم بۆ سوید و دەستم بە نووسینی مێژووی ئەو پراوانە (پراکتیسانە) کرد. کتێبی (شێتیی و شارستانێتی) دەبوایە یەکەم بەرگ بوایە. بەڵام من حەز لە نووسینی بەرگەکانی یەکەم دەکەم و ڕقم لە نووسینی بەرگە دووەمەکان دەبێتەوە. ئەم کتێبە وەك (کوشتنی سایکیاتری) -سایکتریساید- سەیر کرا. بەڵام تەنها وەسفێك بوو لە مێژووەوە هاتبوو. تۆ جیاوازی نێوان زانستی ڕاست و ساختەزانست دەزانی؟ زانستی راست مێژووی خۆی دەزانێ و قبووڵی دەکات بە بێ ئەوەی هەست بکات هێرشی دەکرێتە سەر. بەڵام گەر بە سایکیاتریستێ بڵێی دامودەزگا عەقڵییەکەی لە خانووی لازار Lazar ەوە هاتووە، پێی تورە دەبێ.
دوای ئەمە کاتێ دەربارەی کتێبی (بپێچەوە و سزا بدە- Discipline and Punish پرسیاری لێ دەکرێ، فوکۆ دەڵێ:
(دەبێ دان بەوە دا بنێم کە پێوەندی ڕاستەوخۆم بە زیندان و زیندانییانەوە نەبووە، گەرچی وەك سایکۆلۆجیست (دەروونناس) لە زیندانێکی فەرەنسی کارم کرد. کاتێ لە تونس بووم خەڵکم دەبینی بۆ مەبەستی سیاسیی زیندانی دەکران، ئەمەش کاری تێکردم).
لەم وەڵامانەی (فوکۆ) شدا سەرنج دەدەین کە ئەگەرچی ئەو کارەکانی خۆی وەك بەشێك لە بایۆگرافی و ئەزموونی ژیانی خۆی دادەنێ، جۆری پێوەندییەکە وەك:
- هەست پێکردن
- لەگەڵدا ژیان و
- کارتێکردنی هۆشمەندیی
دیاری دەکات. لە هەموو نموونە و حاڵەتەکاندا ئەوە ئاشکرایە کە ئەگەرچی هۆکارە

هاروژێنەرەکە هەستییە و بەرهەمی وەڵامدانەوەی هەستیی مرۆڤی ناسکە، کارتێکرنەکە وەك مانەوە و ئاکام، کارتێکردنێکی عەقڵییە. ئەو هاروژێنەرە هەستییانە، هاروژێنەری پرسیاری عەقڵیین، داواکەری وەڵامی هۆشمەندانەن: (ئەوەندە شێت بووم هۆشمەندیی بخوێنم، ئەوەندەش هۆشمەند بووم شێتی بخوێنم). یەکەمجار شتەکان دەبینێ، هەستیان پێدەکا، ئەزموونیان دەکا، یەکەمجار شتەکان وەك شتی ئاسایی، وەك پێویستی کۆبەند (سیستم)، قبووڵ دەکا. ئەوسا دوای خڕبوونەوەی ئەزموونە هەستییەکە بۆ سێ مانگ، پرسیارە عەقڵییەکە دروست دەبێ: پێویستی ئەم شتانە چییە؟

- واتە: بۆچی خەستەخانەی عەقڵی هەیە.
- بۆ ئەو کۆبەندە- سیستمە- بۆ چارەسەر کردن و لغاوکردنی نەخۆشەکانی دەروونیی دانراون؟
- دکتۆر و برینپێچ و دەرمانکار و ئاگاچی دەوریان چییە؟
- بۆچی هەن؟ چۆن هەن؟ چ دەکەن؟

دیارە دەبێ ئەمانە هەندێ لەو پرسیارانە بن کە لە ئەنجامی ئەزموونی کەسیی و کارکردنی خۆی لە خەستەخانەیەکی عەقڵییدا لە مێشکیدا هاروژاون. دیارە پرسیارەکان بەرەو پرسە سەرەکییە مێژووییە گرنگەکە دەچن، ئەو پرسیارەی کەسێ پێشتر نەیکردبوو: بەراست شێتیی چییە؟ چۆن پێناسە دەکرێ؟ ئەمە پرسێکی ئۆنتۆلۆجییە، واتە پرسی چییەتی یە. بۆ ئەم جۆرە پرسانەش چار نییە دەبێ لە سەرەتاکان بگەڕێین. لە کوێشدا هێڵ و ڕێچکەی سەرەتاکان دەدۆزینەوە لە (مێژوودا) نەبێ؟! فوکۆ دوای سێ ساڵ، لە بەردەوام بوون و چڕبوونەوەی پرسیارەکان لە مێشکیدا دەست دەکات بە نووسینی کتێبی شێتیی و شارستانێتیی.. بۆ ئەم کارەش یەخەی مێژوو دەگرێ. هەر لە وەڵامەکانی فوکۆ خۆیدا دەتوانین سەرنج بدەین کە لایەنێکی دیکەی هاروژانی سۆزبەندانە ( عاتیفی) یان سۆزمەندکردنی (عاتیفی کردنی) کەسێتیی فوکۆ: ئاوڕدانەوەیەتی لە کەسانی وەلانراوو پەراوێزییکراو. گەرچی لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە بایەخدانی بە لات و لووت outcasts، فوکۆ هۆی عەقڵیی دەدات، دیارە دەبێ لەمەشدا، لەسەرەتاوە هاروژێنەری سۆزبەندی هەبێ.. دەبێ شتێ لە ژیانی (فوکۆ) خۆیدا هەبێ کە بینینی زیندانیکردنی سیاسییەك لە تونس، یان دیمەنی شێتەکان لە خەستەخانەی عەقڵیدا یان نووسەرێکی پەراوێزیی نەناسراوی وەك رەیمۆند رۆسڵ ئەوەندە هەستی بجوڵێنێ و هۆشی بخاتە بەردەم پرسیاری گەورە؟ بەڵام ئایا کێشەی سۆزبەندیی و گرفتەکانی پەروەردەی منداڵی هەموو کەس دەکەنە نووسەرو فەیلەسوف؟

بە باوەڕی من رەنگە رەگی ( هاروژانی عاتیفی) فوکۆ بۆ کاتی منداڵی خۆی و توند خوویی و زێدەڕۆیی دیسیپلینی (پێچانەوەی) باوکی بگەڕێتەوە. رەنگە هەر ئەوەش بێ وای لێکردبێ ببێتە هاوسێکخواز هەر ئەمەش بێ چاوی فوکۆی بۆ (پەراوێزکراوەکان) و وەلانراوەکان و بچووککراوەکان نەك تەنیا لە ئاستی پرۆسەو کۆبەندی کۆمەڵایەتیدا

بەڵکو لە ئاستی بیرو تیئۆریشدا، کردبێتەوە. بۆیە من ئەو پێوەندییانەی فوکۆ بە ئافەریدەکردنی کارەکانییەوە تەنیا بە هاروژانی یان ئەزموونی سۆزبەندی ناو دەبەم، تا خۆمان لەوە دوور خەینەوە، ئەرکی رەخنە وەك سایکۆلۆجی پێوەندی نووسەر بە کارەکانی خۆیەوە بناسێنین.. کارو بەرهەمی نووسەر دەشێ تەواو سەربەخۆ بێ لە ئەزموونە دەروونییەکەی. لای فوکۆ دەستپێکەکە عاتیفی یە، بەڵام کارەکان ئەوپەڕی هۆشمەندانەن یان هۆشکارانەن، ئینتیلێکچوالن. ژیانی فوکۆ ناچێتە ناو کارەکەیەوە. رەنگە سێبەرێکی دوور بێ، یان دووربینێکی دوور بێ. بەڵام ئەوەی لەناو کارەکانی فوکۆدا دەیخوێنینەوە: بیرە، یان وردتر بڵێین: زمانە، زمانی شیکارکردنەوە. فوکۆ دەخوازێ ئێمە سەیری ئاخاوتنەکەی بکەین، ستراکتورو ئەرکیتێکچەرو پێوەندییە زمانەوانییە ناوەوەییەکانی ئاخاوتنەکانی ئاشکرا بکەین. لەبەر ئەوەی زمان کۆبەندەو نێوبەندی لۆجیکی خۆی هەیە دەکرێ بڵێین لەگەڵ هەموو نووسینێکی گرنگ و بەرچاودا نووسەرێکی تازە لەدایك دەبێ، گەرچی ئەو نووسینانەش لە ژێر ناوی فوکۆ دا کۆکەینەوە. لە پێشەکی کتێبی ( ئارکێولۆجی زانین) دا، کە دوایی بە وردی وەریدەگێڕین بۆ کوردی و پارچە پارچە شی دەکەینەوە، فوکۆ ئەوە دەردەخا کە هەر کتێبێکی نوێی دوورکەوتنەوەیەك لە شێوە کۆنباوەکانی شیکردنەوەی مێژوویی تۆمار دەکات. لە چاوپێکەوتنێکی دیکەدا لەساڵی 1983دا لە وەڵامی پرسیارێکدا کە خۆبەندنەبوونی بە پێگەیەکی تیۆریی دیاریکراوەوە لە نرخی کارەکانی دادەشکێنێ، فوکۆ دەڵێ: (کاتێ خەڵکی دەڵێن تۆ چەند ساڵ لەمەو بەر ئاوا بیرت کردۆتەوە ئێستاش شتێکی جیاواز دەڵێی، وەڵامی من ئەوەیە چاکە ئایا ئێوە وا دەزانن من ئەو هەموو ساڵە (وەك سەگ) کارم کردووە تا هەمان شت بڵێمەوەو نەگۆڕێم). (1988:14) هەر لەو چاوپێکەوتنەدا ( ل. 8) دەڵێ: (لە فەرەنسا تۆ دەبێ مارکسی بێ، یان فینۆمینۆلۆجیست، بوونیارExistentialist یان ستراکتورالیست بی. من سەر بە هیچ کام لەو دۆگمایانە نیم). نەك هەر ئەوە کە قوتابخانەی بیریی تایبەتی فوکۆ ناتوانرێ پێناسە بکرێ. بە ئاسانی ئەوەش دەستنیشان ناکرێ کە داخۆ پرۆژە بیرییەکەی فوکۆ سەر بە چ کایەیەکە؟ ئایا مێژوو نووسە، مێژوونووسی بیرەکانە، فەیلەسوفە، تێکەڵە لە هەموو ئەمانە؟!

- رۆکس مارتن لێی دەپرسێ:

تۆ زۆرجار وەك فەیلەسوف ناو دەبردرێی. بەڵام پێشت دەڵێن: مێژووناس، ستراکتورالیست، مارکسیست، ناونیشانی کارەکەشت وەك سەرۆکی کۆلیجی فەرانسە ئەمەیە: پرۆفیسۆری مێژووی کۆبەندەکانی بیر... ئەمە چ دەگەیەنێ؟ لە وەڵامی ئەمەدا فوکۆ دەڵێ [من واهەست ناکەم شتێکی پێویستە بزانم بە درووستی من کێم. تاقە خولیا لە ژیان و لە کاردا ئەوەیە کە ببی بە کەسێکی دی کە لە سەرەتاوە نەبووی. ئەگەر لەکاتی دەستپێکردنی کتێبێکدا بزانی بەچی کۆتایی پێ دێنی ئایا ئازایەتی ئەوەت دەبێ بینووسی؟..Technologies of Self, 1988:9

[]

ئەم بیرکردنەوەی فوکۆ لە خۆی و خودی کارەکانی و ئەو پێشکەوتنە بیرییە گەورەیەی تێیاندا بەدی دەکرێ، دوو ناسکاری گرنگی بۆچوونی رەخنەیی فوکۆ ئاشکرا دەکەن:

1- باوەڕنەبوونی بە یەك بیری ، یەك ئایدیۆلۆژیی، یەك دۆگمایی و هیچ کۆبەندێکی تیۆریی تۆتالیتاریی.

2- باوەرنەبوونی بە کۆزانی ( بەردەوامێتی) و لەمەوە باوەڕنەبوونی بە ئاقاری پێشکەوتنی ستوونی یان هەڵچوویی ( وەك هەڵچوونی درەختێك لە رەگەوە بۆ پەل و سەرو پۆپە، لە منالییەوە بۆ پێگەیشتن، لەکاڵییەوە بۆ کامڵی.

فوکۆ دژی بیری بەردەوامێتی و کامڵ بوون و کاکڵ بوون و کۆبوونەوەو نێوەندبوونە. دژی ئەوەیە ئاوا باسی نووسەرێك بکەین: ئەمە سەرەتای نووسینێتی و ئەمە سەرتۆپ و لوتکەکەی، ئەمە نێوەندو دڵی کارەکانێتی و ئەمەش پەلوپۆو پەلکەکانی. لای فوکۆ لەوانەیە کارێکی لاوەکی و رستەیەکی لامسەرلایی و قسەیەکی عەنتیکە ببێتە هاروژێنەری پرسیارێکی هۆشداگرانەی مێژوویی و تیۆریی:

نموونەیەکی دی ئەم جۆرە لاکردنەوەیە لە بابەتە (لاوەکییەکان) ئەو باسەیەکی دەربارەی ( کانت) کە لە ساڵی مردنیدا ( 198) بڵاوکرایەوە.

فوکۆ نایە بۆ ئەو لێکۆلینەوەی دەربارەی (کانت) پشت بەکارە سەرەکییەکانی کانت وەك سێ رەخنەکانی ببەستێ، بەڵکو ئاوڕ لە کورتە باسێکی کانت، دەقێکی بچووك کە کانت ناوی نابوو: رۆشنگەریی چییە؟! دەداتەوە. فوکۆ هەر ئەو ناونیشانە پرسیارییە دەکاتە دەروازەیەکی تیۆریی گەورە. ئەو وای بۆ دەچێ کە دەکرێ فەلسەفەی نۆدەم (مودێرن) وەك هەوڵێك بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کانت واتە روشنگەریی چییە؟ پێناسەکە بکەین.

## لە ( کەس) وە بۆ کەساندنی بیر: رەیمۆند رۆسڵ

گوتمان فوکۆ ئامازە بە پێوەندی باسکاریی و تیۆراندنەکەی بە ئەزموون و تێگەیشتنی تایبەتی خۆی لە ژیانەوە دەکات.

یەکێك لە کارە گرنگە سەرەکییەکانی کە فوکۆ بە شتێکی زۆر کەسیاریی، (شەخصی) Personal ناوی دەبات، دووەم کارییەتی کە دەربارەی رەیمۆند رۆسڵ-ە.

(Death and Labyrinth: the World of Raymond Roussel, tr. Charles Ruas, (Garden City, New York, Double day and co., 1786 . Tr. Of Raymond Roussel. Include and interview of Foucault by Charles Ruas. P. 185.

هەر هەڵبژاردنی ئەو بابەتە واتە نووسینی لەسەر (رایمۆند رۆسل) زۆر شت دەربارەی فوکۆ خۆی ڕوون دەکاتەوە.

بۆ یەکەمجار لە ساڵانی 1950 دا، فوکۆ لە کتێبفرۆشییەکییەکی لێفتبانك Left Bank چاوی بە بەرهەمەکانی رەیمۆند رۆسل دەکەوێ. رەیمۆند نووسەرێکی فەرامۆشکراو و پەراوێزی بوو.

ڕەیمۆند (ئەزموونکار) بوو Experimentalist (واتە کەسێك شێوەی نوێی نووسین و داهێنانی - شیعریی، لێرەدا- تاقی بکاتەوە) . بەڵام ئەو بە پێی هیچ تیۆرییەکی ئەدەبیی و فەلسەفیی نەیدەنووسی، بەڵکو لە هەستێکی شێتانەوە. meglomania.
ڕەیمۆند لەلایەن دکتۆرێکی ڕەوانی بەناوبانگەوە پیرێ ژانیت Piere Janet چاوی لێکرابوو و نەخۆشییەکەی بە شێتیی دینیی هەڵگەڕاوە ناسرابوو. Transformed religious mania
ڕۆسڵ لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند بووە و ئەو میراتە زەبەندەی بۆی مابۆوە بۆی لواندبوو هەموو کاتی خۆی بۆ نووسین تەرخان بکات. بەڵام ئەو هۆنراوەو شانۆگەریی و ڕۆمانانەی لەساڵی 1894 وە تا کاتی مردنی بەرهەمی هێنابوون، هەمووی بە فەرامۆشیی و گاڵتە پێکردنەوە وەرگیرابوون، جگە لە بایەخێکی کەم و باوکانە لەلایەن سۆریالییەکانەوە و سەرسامییەکی ڕاستەقینە لەلایەن ڕۆماننووس Raymond Queneau –وە.
ئەمەش جێی سەرسامیی نەبوو چونکە کارەکانی ڕۆسل تەنانەت بە پێودانگی پێشڕەوەکانیش avant-garde شتێکی سەیر و سەمەرە و نائاسایی بوون و بریتی بوون لە وەسفێکی وردی شتەکان و کردارەکان و بەپێی ڕێوشوێنێکی فۆرمالی سەیر و عەنتیکەی داڕشتنی زمانەوانی نووسرابوون. ڕۆسل خۆی ئەو ڕێوشوێن و ڕێسایانەی لە وتارێکدا کە دوای مردنی بڵاوکراوەتەوە, ڕوون کردۆتەوە. ناونیشانی کارەکە ئەوەیە: چۆن هەندێ لە کتێبەکانم نووسین؟ لەوێدا بۆ نموونە دەری دەخا یاری بە وشەکانی زمان کردووە، سەرەتا و کۆتایی چیرۆکەکانی بە ڕستەیەك دەستپێکردەوە کە تەنیا لە (یەك پیتا) جیاوازییان هەبووە. بەڵام ئەم جیاوازییەی یەك پیتە بەس بووە بۆ ئەوەی مانایەکی تەواو جیاواز ببەخشن.
واتە لای ڕۆسل (جیاوازیی) مانای تەواوی ڕستەیەك، یان دوو ڕستە، تەنیا بە یاریکردن بە ئاڵوگۆڕیی یەك (پیت) دروست دەبێ؟! چیرۆکێکی ئاوا دەست پێ دەکات:
Les letters du blanc sur les bandes du vieux billard.
واتە: نامە سپییەکان لەسەر کووشنی مێزە کۆنەکەی بلیارد.
ئاواش کۆتایی دێ:
Les letters du blanc sur les bandes du vieux pillard
نامەکانی پیاوە سپییەکە دەربارەی چەتەگەریی جەردە کۆنەکە.
ڕۆسل زۆر گەمەی دی لەم چەشنەی بەکار هێناون کە پشتیان بە دوو مانایی گوزارە هۆمۆنیمیکەکان بەستووە (واتە ئەو وشانەی دەنگیان لەیەك دەچێ)

چی پاڵی بە ( فوکۆ) وە نا لەسەر ڕۆسل بنووسێ

(1): پەراوێزکردنی یان پەراوێز بوونی ڕۆسل لە دەوروبەری ئەدەبیدا و سەرنەکەوتنی وەك نووسەر و دانانی بە (نەخۆشی عەقڵی) ئەمە هۆیەکی گرنگ بوو تا سەرنجی فوکۆ

رابکێشێ. فوکۆ هەمیشە پەرۆش و بایەخی بۆ ئەو کەسانە و گرۆیانە هەبوو کە لەلایەن ستانداری باوەوە وەدەرنرابوون. دەشێ ئەمە یەکەم جار بەشێك بووبێ لە هەڵوێستی فوکۆ بەرامبەر بۆرژوا، بەڵام دوایی لای فوکۆ بوو بە خۆبەندییەکی کەسیی بەهێز کە دژی ئەو پێودانگ و ستانداردە وەدەرنەرانە بوەستێ کە پێناسەی کۆمەڵەکەی دەکەن.
لەم خۆبەندییەوەیە کە ئێمە وێنەی یان کەسێتی فوکۆمان وەك چالاککاری سیاسیی هەیە، هەر لەوەشەوەیە کە ئەو بیر و کارە تیئۆرییەکانی خۆی وەك ( سندوقێکی ئامێر و ئامرازی کار) بۆ گۆڕینی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەیر دەکرد.
(2) ئەوەی فوکۆی سەرسام کرد ئەوەش بوو کە رۆسل لە (خۆیەتی) بەدەر بوو. لای رۆسل بابەتییبوونی شوێنیی بەسەر (خۆیییبوونی کاتداریی) دا زاڵ بوو ئەو بە شێوەیەکی نموونەیی وەسفی وردو رێکی شت و کردار دەکا نەك (گێڕانەوەی) کەس و ئەزموونەکانیان.

بابەتبوونی شوێنی: واتە رۆسل گرنگی بە شوێن و ئەو شتانەی تێیدان دەدا و وەسفی دەکردن، پێچەوانەی ئەمە خۆیییبوونی کاتداریی/زەمەنی ئەوەیە باسی ئەو ئەزموونە بکەی کە بە تێپەڕبوونی کات لای مرۆڤ خردەبنەوە و خودی ئەو دیاری دەکەن.

لە لایەکی دیکەشەوە کارەکانی رۆسل دەربڕینی خۆیەتی خۆی نین. لەبەر ئەوەی وەك وتمان زۆر رێو شوێنی فۆرماڵی توندوتۆڵی بەکاردەهێنان، وشەکان لە ستراکتووری ناکەسی زمان خۆیەوە هەڵدەرژێن نەك لە هەست و بیرەکانی رۆسل خۆیەوە!
بایەخدانی فوکۆ بەم جۆرە نووسینە لە راگەیاندنەکەی دایە کە دەڵێ ( ئەو بۆ ئەوە دەنووسێ فەسالّی نەبێ) و لە رێگای ئەو رووپۆشە سیاسییە جیاوازانەی لە کتێبەکانیدا بەکاریان دێنێ، کە رێگا نەدا هیچ پێناسەیەکی چەسپاوی هەبێ.
بە ماوەیەکی زۆر بەر لەمردنی فوکۆ وتی { تاکە خۆشییەك لە ژیان و لە کاردا ئەوەیە کە ببیە کەسێکی دی کە لەسەرەتا ئەو نەبووی} Truth , Power, Self. 9.

## کارتێکردنە فەلسەفییەکان

دوای جەنگی جیهانی دووەم، کاتێ فوکۆ خوێندکار بوو، دوو ڕەوتی فەلسەفی بەسەر ژیانی سیاسی و ڕووناکبیری فەرەنسادا زاڵ بوون.

## رەوتی یەکەم: مارکسیزم

مارکسیزم بە تایبەتی لە شێوە هیگلییەکەیدا کاریگەرییەکی سیاسی و تیۆریی بەرچاوی هەبوو. لەماوەی سالانی شەڕی ساردا ، زۆر لە خوێندکارانی زانکۆکانی فەرەنسی بوونە ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی فەرەنسی. فوکۆ خۆشی بۆ ماوەیەک لەوانە بوو.

لێكدانەوە و تیۆراندنی كارەكانی فەیلەسوفی ئەڵمانی جۆرج هیگل لە فەرەنسا لە لایەن تیئۆرەوانی گەورەی وەك ئەلێكساندەر كۆژیڤ، ژین هایپۆلایت Jean Hyppolite ، سارتەر و هایدیگەر و هی دیكە بوو بەهۆی ژیاندنەوەی بایەخدان بە ماركسیزم – كە فەلسەفە و خۆبەندیی سیاسی پێكەوە گرێدەدان. چونكە لای ماركسیزم فەلسەفەش تەنێ بابەتێكی تیۆری بۆ ناسینی جیهان نەبوو بەڵكو چەكێكی ئایدیۆلۆژیش بوو بۆ گۆڕینی. بە پێی تێگەیشتنی هێگلییانەی ماركسیزم هەموو جۆرە توند و تیژیی و ناعەقلانیەتی مێژوو وەك نازییەت، لە شۆڕشی پرۆلتاریدا كۆتاییان پێ دێ، ئەو شۆڕشە وەك دژەكاری چەوساندنەوە و ناعەقلانێتی سەرمایەداریی وەك ئاكامێكی مێژوویی دەبێبەیی (حەتمی) روو دەدا و دەبێتە تەواوكەری شۆڕشی فەرەنسی.
فۆكۆ بۆ ماوەیەكی كەم لەلایەن جین هایپۆلایت Hyppolite ەوە (1907– 1968 ) وانەی فەلسەفی فێركرا. هایپۆلایت فەیلەسوفێكی فەرەنسی بوو كە شارەزاییەكی پسپۆرانەی لە هیگل دا هەبوو.
فوكۆ خۆی حەزی لە خوێندنی مێژوو بوو بەڵام هایپۆلایت تێیگەیاند كە فەلسەفە دەتوانێ مێژوو لێك بداتەوە.
ئەو پرسیارەی ئەو دەمە لای فوكۆ سەبارەت بە پێوەندی نێوان فەلسەفە و مێژوو درووست بوو ئەمە بوو:
ئایا مێژوو پێشكەوتنێكی هێواشە بەرەو (عەقڵ)، ئایا فەلسەفە هیچ سنووری كۆتایی هەیە؟ دیارە ئەم پرسانە هیگلیی بوون. هیگل وەڵامەكانیشی دابوونەوە.

هیگل Georg William Friedrich 1831- 1770

هیگل یەكێكە لە دوا نوێنەرانی بزاڤێكی فەلسەفی كە بە ئایدیالیزمی ئەلمانی ناسراوە لە كۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا وەك بەر پەرچەكردارێك دژ بە فەلسەفەی كانت سەری هەڵدا. { ئیمانوێل كانت} 1704 – 1804 فەیلەسوفی پەرەدایمی (نموونەكاریی) رۆشنگەریی ئەوروپایی بوو. ئەو بوو كە دوا شوێن پەنجەی جیهانی چەرخی ناوەراستی لە فەلسەفەی نۆدەم سڕیەوە. كلیلە بیرەكانی رەشنالیزم و ئەزمونگەریی كردنە مودێلێكی بە هێزی رەگە خودییەكانی پرینسیپە گەوهەرییەكانی زانست و رەوشتیاریی وزەمینەی بۆ زۆربەی فەلسەفەی سەدەكانی نۆزدە و بیست دانا.
لای كانت عەقڵ دەتوانێ پرینسیپە (سەرەتاگە) بنچینەكانی زانین و كار بدۆزێتەوە و بە پێی ئەوان بژی بە بێ هیچ جۆرە پشتوانییەكی یان دەستێوەردانی ئاسمانیی.

## تایبەتناسەكانی فەلسەفەی هیگل ئەمانەن:

1- هەوڵدانە بۆ بەرهەمهێنانی تیئۆرێکی یەکگرتووی وابوو (ریالیتی) کە بتوانێ هەموو شت و دیاردەکانی ژیان و کۆمەڵ لێك بداتەوە. ئەویش بە پشت بەستنی بە تەنیا یەك سەرەتاگە(پرینسیپ)
2-هیگل دەیویست کە ئەو تاکە پرینسیپە، یان تیۆرییە جێگای تاکە چەمکی (باوەڕ)، باوەڕی ئاینی بگرێتەوە.
3- ئەو سەرەتاگەش کە هەموو ریالیتی لێك داتەوە (عەقڵ) ە.
4- عەقڵ خاسیتیەك یان توانستێك نییە کە هی مرۆڤ بێ یان بدرێتە پاڵ مرۆڤ. بەڵکو کۆی سەرجەمی وابوو- ریالیتی- یە. لەبەر ئەوە (عەقڵ) و وابوو (واقع) بە تەواوی یەکن. تەنیا عەقڵ وابوویی یە و تەنیا وابوو عەقڵانییە. ئەمەش لەسەر ئەو بنچینەیە یان باوەڕە ئیپستیمۆلۆجییە یان زانگەرییە دانراوە کە:
1- تەنیا ئەو کاتە دەتوانین وابوو ( ریالیتی) بزانین، ئەگەر ئەو ریالیتی یە خۆ بەدەست عەقڵەوە بدات، یان لەلایەن عەقڵەوە بتوانرێ بناسرێ و بزانرێ. ئەگینا وابوو شایانی ناسین نابێت.
2- ئێمە دەتوانین تەنیا ئەو شتانە بناسین کە وابوون (واقیعن.)
5- بەڵام عەقڵ هەروا ماددەیەك نییە کە لەوێ بێ وەك سپینۆزا بۆی چووە. لای هیگل عەقڵ دەبێ وەك (پرۆسە) یەك سەیر بکرێ کە ئاکام و ئامانجەکەی ناسینی خۆیەتی لە ڕێگای خۆیەوە.
6- ئەرکی فەلسەفە ئەوەیە کە وەسفێکی ڕێك و وردی ئەو پرۆسەیە بکات کە دەبێتە هۆی خۆ زانینی عەقڵ.
7- ئەو پرۆسەیە وەك هی ئۆرگانیزمێکی (ئەندامێکی) زیندوو وایە: کە بووەکە نوێنەری بە ئەنجامگەیاندنی سەرکەوتووی نەخشەیەکە کە هەموو تایبەتناسە(خاسێتە) تاکەکانی بەخۆ گرتووە. لە پرۆسەی پەرەسەندنیدا یەك بە یەکی خاسێتە تاکەکان خۆ دەردەخەن و خۆ دەناسن. لە فەلسەفەی سروشتدا هیگل دەیەوێ هەموو ڕواڵەتەکانی دیاردەی سروشتی وەك ( کۆبەندێکی فاکتی ئالۆز) وەسف بکات.[CREP, 2000, 338-39]

بە کورتیی: هیگل پێی وا بوو ئەوەی وابوویی (واقیعی، ریالیتی) بێ ئەوا عەقڵیشە. (ڕەشناڵییشە). ڕاستیی بریتییە لە ( هەمووێتیی)، لە کۆبەندێکی مەزنی بەگرێ و گۆل کە پێی دەوت: ئایدیای ڕەها.
ئەو باوەڕی وابوو کە هۆش، عەقڵ یان ڕۆح دوا پلە و ئاستی وابووە ( هەیی/هەبوویی) یەکەیە. هۆش هۆشیارییەکی هەمیشە فراوانتر بووی دەربارەی خۆی هەیە. فەلسەفە خۆ لەو هۆشیارییە دەدات و ڕێگامان دەدات هۆشیاریی و بە ئاگاییمان لە (هەموو) پترو چڕتر بێ و بەمە خۆمان لە ( ناعەقڵ ) و ( ناکۆکییەکانی ) زانینی ناتەواو دوور بخەینەوە.
عەقڵ سەروەری جیهان و بوونە.

لەبەر ئەوە مێژووی جیهان مێژووی خۆدەرخستنی عەقڵی ڕەهایە بۆیە پرۆسەیەکی عەقڵانییە.

## نۆدەمییکردنی هیگل

هاپۆلایت خوێندنەوەیەکی نۆدەمیی بۆ هیگل هەبوو. ئەو وای لێکدایەوە کە فەلسەفە لای هیگل خۆی وا نابینێ کە مێژوو وەك پرۆسەیەکی خۆتەواوکەر سەیر دەکا.
مێژوو بەرەو خۆ تەواوکردن ناڕوا، بەڵکو ئەرك و ئامانجێکی بێ کۆتایی یە، بەدیار ئاسۆیەکی بێ بن و بێ سنوورەوە!
هەروەها ئەلێکساندەر کوژێڤیش Alexandre Kojeve (1900 – 1968) هیگڵی لەو ڕوانگە رۆمانسییە دەرباز کرد کە وەك دروستکەری سیستەمەکان. ی دادەنا.
هیگل نۆدەمیی کرا.
ئەم روانگە فەرەنسی یە بۆ هیگل دەمێکی تیژی هەبوو:
(مێژوو میکانیزمێکی پێشبینیی کراو نییە، بەڵکو مەیدانی زۆر جار خەبات و کێشەی لابەلایی یە لە جیهانیی دڵڕەقانەی پێوەندیی سەردار و کۆیلەدا). فوکۆ ئەم بۆچوونە دابەزێنەی بۆ مێژوو بەلاوە پەسەند بوو.
هیگل هەوڵێکی دەست پێکردبوو کە دنیای (ناعەقڵ) بپشکنێ و لەناو بۆشگای (فەزای) (عەقڵی خۆفراوانکەردا) جێگایەکی بۆ بکاتەوە.
بەڵام ئەمە هێشتا بەشێك بوو لە پرۆگرامی نۆدەمیی فەلسەفە: گەڕان بەدوای کۆبەندێکی گشتگردا کە (ناعەقڵ) یا ناعەقڵانیش بخاتە ژێر لافاوی خۆیەوە.
فوکۆ لەم بارەیەوە دەبێژێ:
[من بە نرخ پێدانەوە سەرنجی ئەو بابەتانەم دان کە هیگل هێنابوونیە پێش. بەڵام من خۆشیم لەوە نەدەهات خۆ بە تیۆرییەکی گشتییەوە بۆ مێژوو، خەریك بکەم. ئەم کارەم بۆ مارکسیستەکان، جێهێشت.]
فوکۆ هەروا دژی عەقڵ نەبوو، بەڵکو دژی ئەوە بوو (عەقڵ) وەك چارەسەری یان ئاکامی مێژوو سەیر بکرێ.
خۆ خەریککردنی فوکۆ بە فەلسەفەوە بۆ ئەوە نییە سیستمێکی فەلسەفیی بەرهەم بێنێ کە تێیدا (ڕاستی) یان (زانین) بەدەست بێ ، یان بۆ چارەسەری کێشەکانی مرۆڤ پشتیان پێ ببەسترێ، وەك فەلسەفەی دانایی (حیکمەتی) کلاسیکی، یان فەلسەفەی (عەقڵیی) و رووناککەرەوەیی نۆدەمیی، هەر وەك کانت کردی. بەڵکو فوکۆ ویستی چوار شت دەربارەی عەقڵ بپشکنێ:
1-هەل و مەرجی توانبووی (possibility) دەرکەوتن و بەکاربوونی عەقڵ خۆی
2. ئاکام و کاریگەرییە مێژووییەکانی عەقڵ

2- سنوورەکانی عەقڵ تا کوێ بڕدەکەن و لەکوێ دەوەستن.
3- عەقڵ چ نرخێکمان لێ دەستێنێ، چمان لێدەکا؟

**راوتی دووەم: فینومۆلۆجی**

دووەم رەوتی فەلسەفیی زاڵ لە ساڵانی دوای شەڕی جیهانی دووەم فینومۆلۆجی بوو – بەتایبەتی ئەو تیۆرییانەی لە کارەکانی ئێدمۆند هوسیرل Edmond Husserl و مارتن هایدیگەر لە ئەلمانیا و مۆریس میرلۆ پۆنتی Meurice Meleau-ponty لە فەرەنسا دەرکەوتن.

فینۆمینۆلۆجی لەوە دەکۆڵێتەوە چۆن شتەکان بابەتەکان، وێنەکان، بیرەکان، هەست و نەستەکان، لەناو (هۆشیاریی) ماندا هەن یان خۆ دەردەخەن.

بەلای فینۆمینۆلۆجی‌یەوە، ئەو خۆدەرخستنە (ناوەوەیی) یە، واتە بوونی بابەتەکان لەسەرەوە و دەرەوەی هۆشیاریماندا خۆی لەخۆیدا گرنگ نییە. بابەت، خۆی، هەڵواسراوە، وەلانراوە.

گرنگ لای فینۆمینۆلۆجی ئەزموونانندنی ئێمەیە بۆ بابەتەکە.

واتە چۆن تاقی دەکەینەوە، یان دروستتر، چۆن لە تاقیکردنەوەی ئێمەدا بابەتەکە هەبوونی دەبێ.

فینۆمینۆلۆجی بوو بە بزاڤێك کە کارتێکردنەکەی خۆی کێشایە ناو زۆربەی دیسیپلینە کەلتوورییەکانەوە.

بە بزوتنەوە ناسراوە نەك قوتابخانە چونکە کۆمەڵە دۆکترین(باوەڕ) و بیرگەلێك نین کە هەموو بەشدارانی لەسەری ڕێك بن، بەڵکو ڕوانگەیەکی فراوانی هەیە کە بەشی هەموان دەبێ.

بزاڤی فینۆمینۆلۆجی بەلای کەمەوە چوار پێکهێنەری هەن:

1- دژی سروشتگەرین - ناتورالیزم- بە پێچەوانەوە گرنگی بە ژیانی جیهانی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و کەلتووریی دەدەن و دژی هەر جۆرە کەموتکردنەوەیەکن reduction (کەموت= کەم و کورت).

2- دژی بیرکردنەوەی گریمانیی و خەیاڵیی و خۆخەریك کردن بە بیر و زمانەوەن. لەجیاتی ئەمە گرنگی بە زانینێك دەدەن کە پشت بە سروش و Intuitive و بینینی Seeing شتەکان خۆیان ببەستێ نەك بیرکردنەوە دەربارەیان.

3- ئەوان تەکنیکی ڕامان و لێوردبوونەوە لە پرۆسەکانی، لە ناو چوارچێوەی ژیانی هۆشمەندانەدا، واتە بوونی مرۆڤ، بە کاردەهێنن و جەخت لەسەر ئەوە دەکەن چۆن ئەو پرۆسانە بەرەو وبابەتەکە بەنیازن و بەرەو ئەوان دەڕۆن وەك چۆن بابەتەکان خۆیان دەردەخەن یان دەخواسترێن.

4- فینۆمۆلۆجیستەکان شیکردنەوە یان ڕوونکردنەوە هەروەها بینینی شتەکان وڕامان لەسەر کردنیان بۆ بەرهەمهێنانی وەسف و لێکدانەوە بە مانای لێفێربوونی تایبەتی و گەردوونیی بەکاردێنن. Ro. En. Ph. 670.

فینۆمینۆلۆجی ڕێبازێکی یەکلابۆوە نییە، نوێنەرە سەرەکییەکانی هوسێرل، هایدیگەر و میرلۆپۆنتی بە شێوەی جیاواز لێکی دەدەنەوە، بەڵام دەکرێ بە فراوانی مەودای هاوبەشییان دەستنیشان کەین.

فینۆمینۆلۆجی: ڕێبازێکی پشکنینی فەلسەفییە کە پێداچوونەوەیەکی ئۆنتۆلۆجی رادیکالی دوولایی (دێسکارتی) ئەنجامەکەیەتی.

ڕێبازی فینۆمینۆلۆجی وەسف کەرانەیە و دژی پێشباوەڕیی و پێشگریمانییە. یەکەمجار دەبێ هەڵوێستی بینین و ڕامان بەرامبەر ئەزموونی خۆمان لە ژیاندا وەرگرین، بەوەی خۆمان لەهەموو جۆرە پێشباوەڕیی و بیری باوو گریمانێك دەربارەی جیهان و چۆنبوونیی بەدوور بگرین. ئەوەی لە ئایینەوە، لە قوتابخانەوە، لەدایك و باوك و خێزانەوە، لە کۆمەڵەوە، لە خوێندنەوەی پێشوو وەرتگرتووە: فرێی دە، دووری خەوە، مەهێڵە ببێتە بەشێك لە ئەزموونە ئێستاییەکەت، لە تاقیکردنەوەی ژیان، رواڵەتەکان و ڕووداوەکانی. چاوو بیرو هەست و توانای دەرك پێکردن  و ناسین و زانین و لێکدانەوە بەکاربێنە بۆ بەرهەمهێنانەوەی ژیان لەلایەن خۆتەوە لە ڕێگای خۆتەوە، بۆ خۆت.

روالەت و دیاردەکان ناواخنی مێشک و هۆش نین، بەڵکو بریتین لە: بکەرێك، کەسێك، منێك کە شتەکان و بابەتەکان لەو بابەتانە و شتانەی ئەزموون کراون، ئەزموون دەکا.  ئەو دووانە یەك پرۆسەن. یەك کاری یەکگرتوون و جیاکردنەوەیان ناکرێ. لە ڕێگای ئەم ئەزموونە فینۆمینۆلۆجییەوەیە کە من روخسارە گەوهەری و سەرەکییەکانی جیهانی ژین دەناسم و تێدەگەم، ئەو دنیایەی کە بەر لەوەی هیچ بیرێك و تیۆرییەکی دەربارە  بزانین یا بەرهەم بینین، دەبێ کاری تێدا بکەین. بۆیە زانینی کارئامێزانە پێش زانینە گریمانکارییەکان دێ: زانینی(ئەمە) لە زانینی (چۆن)ەوە دروست دەبێ.

کلیلە تێزی فینۆمینۆلۆجی ئەوەیە کە هۆشیاریی نیازمەندە: واتە بابەتەکان دەخوازێ، خۆیان بۆ دەکوتێ ئەمەش لای فینۆمینۆلوجستەکان بەو مانایە دێ کە کەس و بابەت و بکەر و بەرکار بەشێوەیەکی گەوهەریی هاوپێوەندن. وەسفی فینۆمینۆلۆجستەکان بۆ بکەر/کەس گرنگی بە کار و لەش دەدات. وەسفی بەرکار/ بابەت جەخت لەسەر بایەخ و گرنگی بابەتەکان بۆ ئێمە دەکات. RO.Enc.Ph. 671

ئێدمۆند هوسیرل Edmund Husserl 1859- 1938 هەوڵی  دەدا ( فینۆمینۆلۆجییەکی پەتی) دابهێنێ و  بیکاتە زەمینەی زانینی مرۆڤ.

بەلای هوسێرل ەوە دەبێ ئێمە: هەرچی شتێکی پێشبینییە وەك تیۆریی و گریمانکاریی دەربارەی ناواخنی هۆشمەندیمان وەلانێین، بۆ ئەوەی بتوانین ستراکتورە یان فۆرمە شاراوەکان ، کە هەموو ئەگەرەکانی ئەزموونی عەقڵی پێك دێنن، بدۆزینەوە.

فینۆمینۆلۆجی مۆریس مارلۆپۆنتی Maurice Marceau ponty 1908 – 1961
هەوڵ دەدات وەسفی هەستەکانی کەسان لە کاتی ئەزموونکردنی شوێن و رەنگ و رووناکیدا بکات.
فینۆ مینۆلوجیەکان بایەخ بە لێکدانەوە و روونکردنەوەی بابەتەکان نادەن.
ئەوان ئەزموونی راستەو خۆو یەکسەرییان گەرەکە.

سارتەر Jean-Paul Sartre 1905-1980
سارتەر فینۆمینۆلۆجی هوسێرل- ی لێکدایەوە و وەسفێکی فینۆمینۆلۆجییانەی خۆی بۆ ( خەیاڵ) وەك کلیلی ئازادیی هۆشمەندیی بەرهەم هێنا. ئەو عاتیفەکانی مرۆڤی وەك شێوەیەکی پێوەندی بە جیهانی دەرەوە کە بە ئازادی هەڵت بژاردووە لێك دایەوە.
لە کارە فەلسەفیە گرنگەکەیدا: هەبوون و نەبوون 1943، سارتەر جیاوازی لە نێوان هۆشمەندیی و هەموو جۆرە هەبووەکانی دیکە دەکات.
هۆشمەندی هەمیشە گەر بەنادیاریش بێ هۆشیاری دەربارەی خۆی هەیە. بۆیە لە گەوهەردا (بۆ خۆیەتی): ئازاد و خۆکرد و بزێوە. هەرچی شتێکی دی کە خۆ- هۆشیاریی نەبێ ئەوە تەنیا بوویەکە لە خۆیدا For itself ,Pour-soi : بەردینە و ئازادی نییە.
هۆشیاری هەمیشە ئاگای لەو دنیایە یە کە تێیدا هۆشیارە و لە پێوەندی بە هۆشیارییەکانی دیکەوە. ئەو پێوەندییە بەربەرەکانی تێدایە: هۆشمەندی هەمیشە دەیەوێ شوێنی بکەر ( بەکار) بۆ خۆی بهێڵێتەوە و ئەوی دی بکاتە بەرکار (بابەتی خۆی). ئەم زۆرانبازییە ناچارییە.
سارتەر وەك فەیلەسوفی ئازادیی ناسراوە. بەڵام لای ئەو ئازادیی ئایدیالی نەکراوە. ئازادیی پێبەندی هۆکارە( فاکتەرە) سەرەکییەکانە: من کێم؟ لە کوێ بووم، سەر بە چ نەتەوە و جۆگرافیا و نەژادێکم ، تەمەنم، کۆمەڵەکەم، ، چینەکەم، هتد.
ئازادی هەمیشە پێوەندی بە وەزع و هەلومەرجەوە هەیە. من هەڵبژاردنەکانم بۆ ژیانم پێوەندی بە رابردوومەوە هەیە، هەروا دژی بۆچوون و تێڕابینی خەڵك و خۆمە.
مێژووی تایبەتی تاکەکەسییم مەودای هەڵبژاردنەکانم دیاری دەکەن.
لەساڵی 1950 بەدواوە سارتەر زیاتر سیاسەتبەند بوو و هەوڵی دەدا تەبایی یەك لە نێوان بوونیاریی (وجودییەت) و مارکسیزمدا پێك بێنێ.
مەبەستی لە نووسینی (رەخنەی عەقڵی دایلەکتیکی) 1960 دروستکردنی ئەم تەبایی یە بوو.
لەوێدا سارتەر زیاتر دەوری کاریگەریی هەلومەرجی مێژوویی و ماددی لەسەر ژیانی تاکە کەس و توانستی هەڵبژاردنی تاکەکەسیی و بەکۆمەڵیی باس دەکا. Ro. Enc. Ph. 794

بوونیاریی
سارتەر زاراوەی بوونیاریی Existentialism لە ساڵی 1940 دا بۆ ئاماژەکردن بۆ فەلسەفەی خۆی بەکار برد. بەڵام بە شێوەیەکی فراوانتر زاراوەکە ئاماژەیە یا ناوێکی گشتییە بۆ کۆمەڵە بیرمەندێك بەکاردێ کە لە سەدەکانی نۆزدە و بیست دا تاکەکەسیان کردە نێوەندی بیرکردنەوەیان.
بوونیاریی پەرچەکرداریّ بوو دژی ئەو رێبازە فەلسەفیی و تیۆرییانەی هەموو شتێکیان بە مرۆڤیشەوە بە ئەندام یان بنەبوو genus یان نموونەی ( یاسای گەردوونی ) دادەنا.
لای بوونیارەکان هەبوونی ئێمە وەك مرۆڤی تاك و یەکوێنەunique لە هەلومەرجی ماددیی کۆنکریتی دا, بەو سیستمانەی بیر لێك نادرێتەوە، چونکە مرۆڤ ئەرك و پەیامێکی فرە تاك و تایبەتی هەیە کە ئەویش ئەوەیە لە ژیاندا خۆی بسەلمێنێ و بەختەوەریی بەدەست بێنێ.
لەبەر ئەوە بوونیارەکان بە جەخت-لە-سەرکردن و وەسفکردنی وردی (خود self) دەست پێدەکەن. خود وەك تاکێکی هەبوو existing individual کە بکەرێکە، چالاککارێکە، لەناو جیهانی کۆمەڵایەتی و مێژوویی تایبەتیدا دەیەوێ خۆی دەربخا.
ئامانجێکی سەرەکی ئەوان ئەوەیە بزانن:
چۆن تاکەکەس دەتوانێ دەوڵەمەندترین و خۆشبەخترین جۆری ژیان لە جیهانی سەردەمدا بەدەست بێنێ؟
چەند خاڵێکی سەرەکی بوونیارەکان پێکەوە کۆ دەکاتەوە:
1- مرۆڤ گەوهەر و مەبەستی پێشینەی لەلایەن خودا یان سروشتەوە بۆ دیاری نەکراوە.. ئێمە ئازادین لەوەی لە رێگای هەوڵ و کاری خۆمانەوە دیاری بکەین ئێمە کێین و چین.. ئەمە بیروڕای سارتەرە کە لای مرۆڤ: بوون بەر لە گەوهەرەوە دەبێ. مرۆڤ گەوهەرێکی ناوەوەی نییە یا سروشتزایەك کە خۆی لە خۆیەوە خۆی دەربخا. مرۆڤ دەبێ (هەبوونی) بەدەستبێنێ، ئەوسا بتوانێ مرۆڤایەتیی و کەسێتیی خۆی بەدەرخاو بسەلمێنێ.
2- واتە ئێمە یەکەمجار تەنێ دەبین: دێینە دنیایەکەوە خۆمان هەڵمان نەبژاردووە. ئەوسا هەر یەك لە ئێمە لەسەرمانە ناسنامەی خۆمان یان ناسکارییە سەرەکییەکانی خۆمان لە رێڕەوی کردارەکان، تاقیکراوەکانی ژیانمان، دیاری بکەین. لێرەوە (گەوهەر) ی ئێمە، کۆمەڵە تایبەتناسێکی (خاسێتی) دیاریکەری بوونی هەر یەکێکمانە، لەلایەن خۆمانەوە هەڵدەبژێردرێن و بەرهەم دەهێنرێن. پێشتر پێمان نەبەخشراون.
3- لای بوونیارەکان، کەسان، خەڵك، بەپرسیارن لە چارەنووسی خۆیان و، چ لە ژیانیان و بە ژیانیان دەکەن. مرۆڤ خواستی ئازادی هەیە، بەو مانایەی هەرچەند هەلومەرجی هۆکاری بایۆلۆجیی و کۆمەڵیی جۆراوجۆر کار لەسەر چۆنێتی بەرخواست و هەڵبژاردەکانیان بکەن، هێشتا دەتوانن لەم هەلومەرجانە ڕابمێنن، هەوڵ بدەن لە مانا و کارتێکردنیان تێبگەن، ئەوسا ئەوە هەڵبژێرن چۆن لە کارکردنیاندا لە دنیادا هەڵس و کەوت لەگەڵ ئەو هۆکارانە

بکەن. جونکە ئێمە بوویەکی خۆ بوێنەر و خۆ داڕێژەر  یان خۆ دروستکەرین، ئەوا تەواو بەرپرسیارین چی لە ژیانمان دەکەین.
4- بوونیارەکان بە دوای دیاریکردنی باشترین و دروسترین و تەواو ترین شێوەی ژیان بۆ تێر کردنی پێویستی و نیازەکانی تاکەکەسدا دەگەڕێن. بەلای ئەوانەوە زۆرینەی ئێمە بە دوای گاگەل یان رەوە دەکەوین. وا هەست دەکەین کە ئەوە بکەین کە خەڵکی دی لە هەلومەرج و هەڵوێستی کۆمەڵایەتی دا دەیکەن، ئیدی ئەوە تەواوین و لە هیچمان کەم نییە. لەو حاڵەتەدا بەلای ئەوانەوە ژیانمان: بەڕاستەقینە نییە، ڕاستیی ژیانی خۆمان نییە، بۆ خەڵکی دی دەژین و خەڵکی دی لە ئێمەدا لە ڕێی ئێمەوە دەژین. بۆ ئەوەی ژیانمان ڕاستەقینە بێ، دەبێ پاکی بکەینەوە، دەبێ ڕوون و بێگەردی بکەینەوە، دەبێ لە پۆخەڵییەکان و ساختەبوونەکانی کۆمەڵ و رەوەگەل خۆمان دەرباز کەین و چڕیی و خەستیی هۆشمەندیی باڵا بە ژیانمان بدەین. ئەم جۆرە باڵاکردن و هەڵساندنەی ژیان دەکرێ لەڕێگای ئەزموونی عاتیفی قووڵەوە وەك  خەم و خۆشەویستی و مەراق و ئەزموونی گوناهی هەبوون بەدی بێت. کاتێ ئێمە دەتوانین بەرەو ڕووی ئاشکرابۆکانی ئەو ئەزموونانە بوەستین، ئەوا باشتر لە گێرە و گەمەی ژیان تێدەگەین و دەبینە تاکەکسێکی تەواوتر و خۆبەندتر. Ro. En. Ph. 265